# گەنجو ئیلیتی سیاسیو پێوەرە نەتەوەییەکان

**نووسینی: ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی**

گەنج ڕۆڵێکی گرنگو چارەنووسسازی هەیە لە پەیوەند بە قۆناغی پرۆسەی سیاسی ئێستای کوردستان. تا ئێستا لە کوردستان سەرژمێرییەکی دروستو جێی متمانەمان لەبەردەست نییە، بەس دەتوانم بڵێم کە دیموگرافی ئەمڕۆی کوردستان، وەک زۆربەی وڵاتانیتری ڕۆژهەڵات، بەلای گەنجدا دەشکێ. زۆربەی پێکهاتەی خەڵکی کوردستان گەنجەکانن، کە ئەمەش لە ناواخنی خۆیدا لایەنی ریسکو پۆزەتیڤی لە پرۆسەی بنیاتنانی ئیرادەی یەکگرتووی نەتەوەو دەوڵەتی کوردستانی هەڵگرتووەو هەڵدەگرێ. زۆربەی گەنجەکانی ئێستای کوردستان، کە لە ئێستاو داهاتوودا ئاراستەی تەواوکردنی پرۆسەی رزگاریو بنیاتنانی دەوڵەتی کوردستانیان دەکەوێتە سەرشان، لە سەردەمی دوای ڕاپەڕینی 1991 گەورەو لە دایکبوون. زۆربەی گەنجەکانی ئێستا لە باوەشی دەسەڵاتی کورددیا گەورەبوون، کە ئەمەش وایکردووە بەشێک لە مێژووو و کولتوری خۆیان بزانن، بەس لە هامان کاتدا خبرەی سەردەمی زوڵمو ستەمی بەعسو داگیرکەرانیان نییە. بۆچی ئەم خاڵە گرنگە؟ چونکە بوونی گەندەڵی ئیداری، کە ئێستا لە کوردستان هەیە، ڕەنگە ڕەوتە فکرییە دەرەکیو نامۆو دژی نەتەوەییەکان بتوانن بەشێک لەم توێژە لە گەنجەکانمان بەلاریدا ببەنو بیانکەنە لایەنێکی نەگەتیڤ بەرامبەر دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردستان، کە ئەمەش ئاکامی ترسناکی بۆ داهاتووی نەتەوەو پرۆسەی بنیاتنانی ئیرادەیەکی نەتەوەیی یەکگرتوو و دەوڵەتی کوردی دەبێ.

دیارە من مەبەستم ئەوە نییە کە گەنجەکان مافی ڕەخنە گرتن لە دەسەڵاتیان نییە، بەس پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ڕەخنە دەگریو چۆن ئامانجی ڕەخنەکانت لە چوارچێوەی پێوەرێکی نەتەوەیی دەپێکی؟ چۆن داوای ماف دەکەی؟ بەداخەوە ئەمڕۆ دەبینین زۆربەی ئەوانەی ڕەخنە لە دەسەلات دەگرنو خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆنی پرۆسەی ئێستای سیاسیو نەتەوەییو ئابووری کوردستان دادەنێن، دەقیق لەو کاتانەدا کە گرنگترین مەسەلە چارەنووسسازەکانی نەتەوەیی، کە زۆربەیان تەهدید لەسەر دەسەڵاتی کوردیو کوردستانیو هەموومان دادەنێن، ئەوان هەموو ئینێرژیو ڕەخنەی خۆیان ئاراستەی مەسەلە ناخۆییەکان دەکەنو دەیبەستنەوە بە گەندەڵیو ڕەخنەش لەلایان بۆتە دژایەتی کردنی ئیلیتی دەسەڵاتدار و هەندێکیان لەوەش توندڕەوتر دەڕۆنو بە دژایەتی ئیلیتی سیاسیشی دەبینن. بەمەش، لە ساویلکەیی سیاسییانەوە بێت یا لە ئاگاهیانەوە بێت، بوونەتە بەشیک لە دەزگای جەنگی تەبلیغاتی دژ بە بوونو مافەکانی کورد. دیارە کەس ناتوانێ ئینکاری بوونی گەندەڵی لە نێو دەسەڵات بکات، بەس ڕاستیەکەی کردنی مەسەلەی گەندەڵی ئیداری بە بیانوو بۆ ئینکارکردنی دەسکەوتە مێژووییەکانو دژایەتی پرۆسەی ئێستای بنیاتنانی بنەماکانی دەوڵەتی یاسایی لە کوردستان، بێجگە لە ساویلکەیی سیاسیو بێویژدانی ڕەخنەگران هیچیتر ناگەیەنێ. ڕاستە گەندەڵی ئیداری لە باشووری کوردستاندا هەیە بەس لە پالیشیدا ڕەوتێکی سیاسی نەتەوەیی خاوەن ستراتیژێکی ڕۆشنی نەتەوەیی یەکگرتوو لە نێو سەرکردایەتی سیاسی کوردستانو دەسەڵاتدا هەیە کە هەم لە ئێستاو هەم لە ڕابردوو کاری بۆ کورد کردووەو لە ڕاستای خەباتیشیدا دەسکەوتی مێژوویی گەورەی بۆ کوردو کوردستان بەدەستهێناوە.

**لە قۆناغی دیاریکراوی سیاسیو مێژووییو کۆمەڵایەتی ئەمڕۆی کوردستاندا کۆمەڵێک  کەسو لایەنی ڕۆشنبیری لە کوردستان پەیدابوون کە خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵات دەزانن، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە کە ئەوانە لە کاتێکدا خۆیان بە ڕەخنەگری دەسەڵات دادەنێن، دیارە مافی خۆیانە ڕەخنەبگرن، بەس لە ڕاستای نەهێشتنی گەندەڵی داوای ڕووخاندنی دەسەڵاتی کورستان دەکەن، ئەوانە لە گەمژەیی سیاسی خۆیان ئەوەندە بیرناکەنەوە کە کاکە گیان، تۆ ئەگەر ڕەخنە لە دەسەڵات دەگری بۆ ئەوەیە دەسەڵاتی کوردستانو حکومەتی کوردستان پتەوتر بکەی، خۆ قەرار نییە ئەو دەسەڵاتە کە بە خوێنی ملیۆنان شەهید بەدەست هاتووە بیرووخێنی، تۆ قەرارە پرۆژەیەکت هەبێ بۆ کۆمەڵگای کوردستان کە ئەویش ئاکامەکەی دەبێ دامەزراندنی دەوڵەتێک بێت لەسەرخاکی خۆت، کە کوردستانە، نەک لەناوبردنی ئەوەی کە تا ئێستا بە خوێنو ئاگر بەدەست هاتووە. ئەو بەڕێزانە دەبێ بزانن کە ماف بە کۆپیکردنی شتی ئەوڕوپا و سەپاندنی شتی ناو کتێب بەسەر کۆمەڵگا بەدەست نایێت، بەڵکو بەدیهێنانی ئەو مافانە پێداویستی پێویستەو ئەو پێداویستیانەش، کە یەکێک لەوان بوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی دەوڵەمەندە، بە هاتوهاوارو جووێندانو پڕوپاگندەو جەنگی تەبلیغاتی دژی دەسەڵاتی کوردستان سازناکرێن. ئەگەر گەندەڵی هەیە، ئەگەر گەنجەکانمان بێمافن، دەبێ بزانن کە مافەکان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگای ئێستای کوردستانن‌و لە ڕاستای بەدەستهێنانی مافی زیاتریش دەبێ هەوڵی بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی سیکۆلارترو دەوڵەمەندتر بدرێت. سازکردنی کۆمەڵگایەکی ئاواش لە کوردستان لە لایەک کاتی دەوێ‌و زۆر ئاسان نییەو تەنانەت لە ئەوڕوپاش ئاسان نەبووە، وە لە لایەکی‌تر گومانم هەیە کە ئەولەوییەتی ئەو بەڕیزانە بێت. ئەم بەرێزانە تا ئێستا تێنەگەیشتوون کە کاکە گیان، کوردستان ئەمڕۆ لە قۆناغی بنیاتنانی نەتەوەیی‌و سازکردنی بنەماکانی دەوڵەت دایەو ئەو  کۆمەڵە وەهمەش کە لای ئێوە دروست بووە، لەسەر کۆمەڵێک شتی باقوبریق سازکراوە، یانی کۆمەڵێ شت کە لە کتێب زۆر دروستە، بەس ڕەنگە لە پراکتیکدا بۆ قۆناغی ئێستامان نەگونجاو بێت. بۆ ئەوەی کەسیش بە هەڵە لێم تێنەگا، من داواکاری ئەوە نیم کە ئایدیالمان نەبێ، بەس ئێمە وەک کوردو کوردستانی کاتێک دیالۆگ لەسەر هەرشتێ دەکەین، سەرەتا پێویستە لەسەر پێوەرێکی نەتەوایەتی ساغ ببینەوەو ئەوجا باس‌و دیالۆگەکانمان بکەین. هەربۆیە من تەنانەت دژی بەرنامە باقوبریقکانیش نیم، بەس دەمەوێ سەرەنجی ئەو بەڕێزانە بۆ ئەوە ڕاکێشم کە ئەولەوییاتی قۆناغو پرۆسەی سیاسی ئێستای کوردستان ببینن‌و تێبگەن.**

**خۆ ئەگەر باسی مافەکان، لەوانەش مافی گەنج، وەک مەسەلەیەکو باسێکی گشتی بکرێ، ڕەنگە زۆربەمان بتوانین لە کتێبە زانستییەکانی زانکۆکانی ئەوڕوپا زۆر بەڕۆشنی چەندین لیستی جوانو زۆر باش لە مافەکان ئامادە بکەین‌و باشترین لیستیان هەڵبژێرین، زۆربەشمان ئارەزووی چەسپاندنی ئەو مافانە دەکەین، بەڵام ئینسان دەبێ لە ژیاندا واقعی بێت. مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە ئەگەر سەیرکەین لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەیان نەتەوە هەن سەد ساڵە دەوڵەتیان هەیە، کەچی لەسەدا یەکیش لە مافاکانی هاووڵاتیانی خۆیان نەهێناوتە دی، خۆ ئەگەر بەراوردێکیش لە نێوان کوردستان‌و بارووdۆخی ناوچەکانی ناوەڕاستو باشووری ئێراق بکەین، کە ئینسان سەردەبڕدرێ‌و مافی مریشکێکیشی نییە، ئەوا باسکردن لە بوونی دەوڵەتێکی یاسایی تەواو و بێخەوش لە کوردستان، رەنگە قسەیەکی زۆر جوان بێت، بەس واقعبینانە**

نییە. بەراستی ئینسان کە باسی سیاسەتی کرد دەبێ مەبەستو ئامانجێکی هەبێ، وە ئامانجەکەشی دەبێ بە لایەنی کەمەوە هەندێک لەگەڵ واقعەکە بێتەوە.

ڕاستە لە کوردستانی ئەمڕۆ، بە بەراورد لەگەڵ چەندساڵی رابردوو، گەشەی بەرچاوی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی دەبینرێن، بەس لە ئاکامدا ئەوەی گرنگە وڵامی ئەو پرسیارەیە: ئایا دەسەڵاتو ئیلیتی سیاسیو ڕۆشنبیری کورد چەند توانیویانە ئەم دەستکەوتانەی ئێستا بکەنە زەمینەیەکی لەبار بۆ هێنانەدی ئامانجە ستراتیژەکانی نەتەوەی کورد لە سازکردنی ئیرادەیەکی یەکگرتووی نەتەوەیی لە ڕاستای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە داهاتوودا. من بۆشاییەکی گەورە دەبینم بە نەبوونی دەزگاو ڕێکخراوە مەدەنییەکانو سیستەمێکی ئاراستەکەرانەی نرخو بەها نەتەوەییو سیکۆلارو دیموکراسیەکان. نابێ بێئاگابین لە مەترسییەکان، چونکە ڕەوتی نەتەوەیی لە باشووری کوردستان ڕووبەڕووی دژایەتییێکی چەند لایەنەی فیکریو سیاسی ناوخۆیی، بێجگە لە لەشی گەندەڵی ئیدارەکە، بۆتەوە، کە بەبێ چارەسەری ووردو ووشیارانە ئاکامی یەکجار خراپی بۆ پرۆسەی ئەمڕۆی بنیاتنانی بنەماکانی دەوڵەتی داهاتووی سەربەخۆی کوردستان دەبێ.

لە کۆتاییدا دەڵێم، چەند فاکتۆری گرنگ ڕۆڵی چارەنووسساز دەبینن لە تەختکردنی کێشەکانی بەردەم دەسەڵاتو بەشداری ئەکتیڤو پۆزەتیڤانەی گەنجەکان لە پرۆسەی بنیاتنان: گەشەپێدانو پتەوکردنی ئابووری کوردستان، ئاراستەکردنی ووشیارانەی سیاسیو گەشەپێدانی ستراتیژێ سیاسی نەتەوەیی ئەمڕۆمان بۆ ستراتیژێکی ڕۆشنترو یەکگرتووتر. گەشەپێدانی ئابووری کوردستان، بە تایبەتی پیشەسازی بەرهەمهێنان، بنەمایەکی پتەو دەبێ لە ڕاستای باشترکردنی ئاستێ گوزەرانی خەڵک بە گشتیو گەنجەکان بە تایبەتی، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەرگا داخراوەکان بە ڕوویاندا دەکاتەوەو وورده وورده گەنجەکانمان باوەڕی پتەویان لا دروست دەبێ، کە سامانی کوردستان تەنها مولکی کەمینەیەک نییە. ئیلیتی سیاسیو سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بە دارشتنی بەرنامە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانو گەیاندنییان بە جەماوەر، بە شێوەیەک کە بتوانێ بیانهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی کە وڵات دەتوانێ لە ناخۆشییەکان دەربێنێ دەتوانێ بەشێکی زۆر لە مەترسییەکان لا ببات. بەس ئەمەی دوایی بەبێ بوونی ستراتیژێکی سیاسی نەتەوەیی ڕۆشنترو یەکگرتووتر کە بێتەوە لەگەڵ مەترسییەکانی ئەمڕۆ، نایەتە دی. ئەمڕۆ بنیاتنانی ستراتیژێکی سیاسی یەکگرتووتر و ڕۆشنتر وڵامێکی دەمشکێنەرە بە ڕەوتە ناوچەگەرییەکانو نامۆو دەرەکییەکان، کە هەرئێستا لە هەوڵی تێکدانی بیری نەتەوەییو دروستکردنی دووبەرەکی ناوچەییو ئایینین لە کوردستان.

14 **مارسی** 2007